*Journal of Language Studies* Vol.9, No.3, Part 2, 2025, Pages (23-39)
DOI: https://doi.org/10.25130/Lang.9.3.P2.3

IRAQI Academic Scientific Journals
العراقية المجلات الأكاديمية العلمية
JORNAL OF LANGUAGE STUDIES
ISSN: 2663-9033 (Online) | ISSN: 2616-6224 (Print)
Journal of Language Studies
Contents available at: https://jls.tu.edu.iq/index.php/JLS

# The Role of Age in Building Linguistic Style

**Shwan Ahmed Azeez***
**Department of Kurdish, College of Languages, Salahaddin University, Erbil**
**Shwan.Qadir@su.edu.krd**
**&**
**Dr. Atif Abdulla Farhadi**
**Department of Kurdish, College of Languages, Salahaddin University, Erbil**
**atif.farhad@su.edu.krd**

**Received:** 1/ 10 / 2024, **Accepted:** 20/1 /2025, **Online Published: 30/ 9 /2025**

## Abstract:

Since ancient times, humans have sought different approaches in all aspects of life to derive the most effective and accepted methods. Language, as a powerful social phenomenon and means of communication, has played a tremendous role in people's daily lives. Certainly, language possesses various styles of expression, and humans have long attempted to present the most beautiful linguistic styles in their expressions. Behind each of these different language styles are several social variables (such as age, gender, occupation, social status, etc.) that influence the type of linguistic style. Age is one of the strongest factors in creating different language styles. Human age consists of several distinct stages, each with its own unique vocabulary and linguistic expressions. These differences have resulted in the production of various linguistic styles.

**Key Words:** Stylistics , Linguistic Style, Age, Influence.

* **Corresponding Author:** Shwan Ahmed Azeez, **Email:** Shwan.Qadir@su.edu.krd
**Affiliation**: Salahaddin University - Iraq

© This is an open access article under the CC by licenses http://creativecommons.org/licenses/by/4.0

## دور العمر في بناء الأسلوب اللغوي

شوان أحمد عزيز
قسم اللغة الكردية، كلية اللغات، جامعة صلاح الدين
و
أ.د. عاطف عبدالله فرهادي
قسم اللغة الكردية، كلية اللغات، جامعة صلاح الدين

**الملخص:**

منذ قديم الزمان، سعى الإنسان للبحث عن ألاساليب المختلفة في جميع مجالات الحياة، محاولاً استخلاص الأساليب المقبولة والمؤثرة. وقد لعبت اللغة، باعتبارها ظاهرة اجتماعية قوية و وسيلة للتواصل، دوراً عظيماً في الحياة اليومية للانسان. بلا شك، تمتلك اللغة مجموعة متنوعة من أساليب التعبير، ومنذ القدم حاول الإنسان تقديم أجمل الأساليب اللغوية في تعبيراته. وخلف كل من هذه الأساليب اللغوية المختلفة توجد مجموعة من المتغيرات الاجتماعية مثل: (العمر، الجنس، المهنة، المكانة الاجتماعية... إلخ) التي تؤثر على نوع الأسلوب اللغوي. يُعد العمر أحد العوامل القوية في تشكيل الأساليب اللغوية المختلفة، وتتكون حياة الإنسان من المراحل العمرية المختلفة، وكل مرحلة منها تمتلك قاموساً لغوياً وتعبيرات لغوية مختلفة. وقد أدت هذه الاختلافات إلى إنتاج مجموعة متنوعة من الأساليب اللغوية.

**كلمات مفتاحية:** علم الأسلوب، الأسلوب اللغوي، العمر، تأثير.

## ڕۆڵی تەمەن لە بنیاتنانی شێوازی زمانیدا
## زمانی کوردی بە نموونە

شوان ئەحمەد عەزیز / بەشی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر
و
پ.د.عاطف عەبدوڵڵا فەرهادی / بەشی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر

**پوختە:** لە دێر زەمانەوە مرۆڤ هەوڵیداوە لە هەموو بوارەکانی ژیان بەدوای شێوازە جیاوازەکان بگەڕێت، تاوەکو یەکێك لە شێوازە پەسەند و کاریگەرەکان هەڵبهێنجێت. زمانیش وەکو دیاردەیەکی بەهێزی کۆمەڵایەتی و هۆکاری پەیوەندیکردن ڕۆڵێکی مەزنی گێڕاوە لە ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤەکاندا، بێگومان زمانیش خاوەنی کۆمەڵێك

شێوازی جیاجیای دەربڕینە، لە کۆنەوە مرۆڤ هەوڵیداوە جوانترین شێوازی زمانی لەناو دەربڕینەکانیدا پێشکەش بکات. لەپشت هەریەك لەم شێوازە جیاوازانەی زمانیشدا کۆمەڵێك گۆڕاوی کۆمەڵایەتی هەن وەك( تەمەن، ڕەگەز، پیشە، پلەوپایەی کۆمەڵایەتی...هتد)، کاردەکەنە سەر جۆری شێوازە زمانییەکە. ئەم توێژینەوەیە ڕۆڵی تەمەن لە شێوازەکانی زمان لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا دەخاتەڕوو، بە مەبەستی تیڕوانین بۆ سەر ئەو پەیوەندییە نەریتییە و گۆڕاوانەی کە کۆمەڵێك فاکتەر لەگەڵ ڕەفتاری زمانیدا دروستی دەکەن. توێژینەوەکە بە شێوەیەکی مەیدانی ئەنجامدراوە، لە ڕێگەی کۆکردنەوەی داتا لە نموونە جیاوازەکانی تەمەن (گەنج ،پیر، منداڵ) بە بەکارهێنانی تەکنیکەکانی وەک چاوپێکەوتن و تۆمارکردنی گفتوگۆی ڕۆژانە.

**<u>وشە سەرەکییەکان:</u>** شێوازناسیی، شێوازی زمانی ، تەمەن، کاریگەری.

## پێشەکی:

هەموو ئاخێوەرێك شێوازی زمانیی دیاریکراوی خۆی هەیە، هەندێکجار ئەم شێوازە زمانییە هێندە لەگەڵ کەسایەتیی ئاخێوەرەکە تێکەڵ دەبێت، وای لێدێت ئەم ئاخێوەرە ببێتە خاوەنی شێوازە مۆری خۆی، هەر ئەم شێوازە زمانییەشە وا دەکات ئاخێوەرەکە پەیوەندی لەگەڵ کەسانی دەرووبەر پتەو یان لاواز بێت.

**1-0:ناونیشانی توێژینەوە:** ناونیشانی توێژینەوەکە بریتییە لە ( ڕۆڵی تەمەن لە بنیاتنانی شێوازی زمانیدا )، توێژینەوەیەکی زمانەوانیی کۆمەڵایەتییە، هەوڵی خستنەڕووی شێوازە زمانییەکان دەدات بەگوێرەی تەمەن.

**2-0:ڕێبازی توێژینەوە:** توێژینەوەکە ڕێبازی ( وەسفیی شیکاری ) گرتووەتەبەر، واتە بە پێشتبەستن بەم ڕێبازە توێژینەوەکە هەوڵیداوە وردەکاری بابەتەکان نیشان بدات، بەسوود وەرگرتن لە کۆمەڵێك سەرچاوەی زمانەوانی.

**3-0:سنووری توێژینەوە:** سنووری ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە زمانی کوردی، زاری( کرمانجیی ناوەڕاست) لە کرمانجیی ناوەڕاستیش شێوەزاری هەولێر، بە نموونە وەرگیراوە. واتە لە چوارچێوەی ئەم دیالێکتەوە و شێوەزارە نموونە زمانییەکان خراوەتەڕوو، هەروەها لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵك وەرگیراون و تۆمارکراون.

**4-0:گرنگی توێژینەوە:** گرینگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە بە شێوەیەکی مەیدانی نموونەی شێوازە زمانییەکانی هەر سێ قۆناغەکەی تەمەن وەرگیراوە.

**5-0:ئامانجی توێژینەوە:** توێژینەوەکە ئامانجی ئەوەیە شێوازی زمانی بەگوێرەی هەر یەك لە تەمەنەکان بخاتەڕوو.

**6-0:هۆی هەڵبژاردنی توێژینەوەکە:** بە پێویست و گرنگ زانینی بابەتەکە، هەروەها زەقکردنەوەی هۆکاری تەمەن لە دروستکردنی شێوازی زمانیی جیاواز.

**7-0:ناوەڕۆکی توێژینەوەکە:** توێژینەوەکە لە پێشەکییەك و دوو بەش پێکهاتووە، لە بەشی یەکەمدا چەمکی شێواز، شێوازناسیی زمانی و شێوازی زمانی خراوەتەڕوو، لە بەشی دووەمدا باس لە پەیوەندی نێوان زمان و تەمەن کراوە، هەروەها شێوازی زمانی منداڵ، گەنج، پیر باسکراوە. لە کۆتایشدا ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان لەگەڵ پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی ئینگلیزی و عەرەبی دانراوە.

## بەشی یەکەم : شێواز و شێوازی زمانی

### 1/1) شێوازناسیی زمانی

شێوازناسان بەگشتی دووجۆر شێوازناسییان دیاریکردووە، ئەوانیش (شێوازناسیی زمانی، شێوازناسیی ئەدەبی)ن، هەرچەندە تۆدۆرۆڤ باوەڕی بەو دابەشکردنە نیە و پێی وایە هەردووکیان تەواوکەری یەکترن، توێژینەوەکەی ئێمە دەچێتە خانەی شێوازناسیی زمانی. شێوازناسیی زمانی لێکۆڵینەوە شێوازییەکانی خۆی لە ڕەهەندی زمانییەوە پێشکەش دەکات (زاراوەی شێوازناسیی زمانی بۆ یەکەم جار لە لایەن دۆناڵد فریمانەوە لە ساڵی 1968داهێنرا، بە مەبەستی کۆتاییهێنان بە ناکۆکیی نێوان ڕەخنەگرانی ئەدەبی و زمانەوانەکان (AdepojuBatanju,2024:?) سەرەتای سەرهەڵدانی شێوازناسی بە شێوازناسیی زمانی دەستی پێکرد، چونکە بالی بابەتی ئەدەبی لە لێکۆڵینەوەی شێوازناسی دوورخستەوە و لە لێکۆڵینەوەکانیدا پشتی بە بنەما زانستییەکانی زمان بەست، زمانی ڕۆژانەی کردە بابەتی شێوازناسی. جیرۆ پێی وایە شێوازناسیی زمانی لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە و بەدواداگەڕانی لایەنە زمانییەکانی تێکستی ئەدەبی دروست بووە(نعمت الله حامد،88:2007). شێوازناسیی زمانی گرینگی بە هەڵبژاردن و پێکەوە بەستنەوەی یەکەزمانییەکان دەدات، تایبەتمەندییە زمانییەکانی دەقەکە تاوتوێ دەکات، وەک تایبەتمەندیی وشەیی، واتایی، دەنگسازی، ڕێزمانی، پێکهاتەیی. هەروەها شیکەرەوەی شێوازناسیی زمانی هەوڵدەدات تایبەتمەندییە زمانییەکانی دەق تاوتوێ بکات و چۆنیش ئەم توخمە زمانییانە یارمەتی دروستکردنی واتا دەدەن(IkennaKamalu,2023:144,150) دەتوانین لەم چەند خاڵە سنوور و ئەرکی شێوازناسیی زمانی دیاری بکەین:-

1. شێوازناسیی زمانی لە لێکۆڵینەوەکانیدا پشت بە یاسا زمانییەکان دەبەستێت و جەخت لەسەر توخمە زمانییەکان دەکاتەوە.
2. گرینگی بە گەڕان بە دوای بابەت و شێواز لە کارێکی هونەریدا دەدات، خۆی سەرقاڵی توێژینەوەیەکی زانستی دەکات و تەکنیکە زمانییەکان دەستنیشان دەکات، بە ئامانجی خستنەڕووی خاڵە بەهێز و لاوازەکان.
3. شێوازناسیی زمانی ئەو بڕیارەزمانەوانییانە دەستنیشان دەکات، کە نووسەر یان قسەکەر داویەتی.
4. گرنگی بە چۆنیەتی بەکارهێنانی زمان و دەرئەنجامەکانی دەدات.
5. شێوازناسیی زمانی لێکۆڵینەوە لە چۆنیەتی بەرهەمهێنانی واتا لە زمانی ئەدەبی و شێوازەکانی تری نووسیندا دەکات.
6. سەرنجی سەرەکی شێوازناسیی زمانی لەسەر بەکارهێنانی سیستەمی زمانە، لە پارچەیەکی دیاریکراوی گوتاردا.
7. لێکۆڵینەوە لەوە دەکات کە چۆن ڕێکخستنی تایبەتیی زمان بەکارهاتووە لە بەدیهێنانی بابەتێکی دیاریکراو.
8. هەڵسەنگاندنی بۆ هەموو ئەو ئامرازە زمانەوانییانە دەکات، کە پێکەوە گونجاون بۆ بەدەستهێنانی مەبەستێکی دیاریکراو (AdepojuBabatunju,2024:?).

بەگشتی شێوازناسیی زمانی تیشک دەخاتە سەر لایەنی زمانیی دەق یان قسە لەسەر هەموو ئاستەکانی زمان، جا ئاستی دەنگی بێت یان ڕێزمان و واتا دەکات، واتە زانستی زمان و پێوەرە زمانییەکان بەکاردەهێنێت بۆ ڕوونکردنەوە و دەستنیشانکردنی شێوازی زمانی دەق یان قسە. هەروەها (شێوازناسیی زمانی لە ڕوخساری بابەت وردەبێتەوە)(شەعبان چالی،37:2008). واتە زیاتر لە دیوی دەرەوەی دەق دەڕوانێت و سەرنجە زمانەوانییەکانی خۆی دەخاتەڕوو. بۆ نموونە ئەگەر شێوازی بەرهەمی ئەدیبێك لەژێر تیشکی شێوازناسیی زمانی بخرێتەڕوو، دەکرێت لە ئاستی دەنگ ئاماژە بەو لایەنانە بکرێت، وەك:- دووبارەکردنەوەی دەنگ، سوان و جێگۆڕکێی دەنگ. یانیش لە ئاستی ڕێزماندا ئاماژە بەولایەنانە بکرێت، وەك:- دووبارەکردنەوەی وشە و ڕستە، ڕیزبوونی کەرەستەکانی ڕستە و جێگۆڕکێکردنیان، هەروەها پاش و پێشخستنی بەشەکانی ئاخاوتن...هتد. لە ئاستی واتاسازیشدا

دەکرێت ئاماژە بەولایەنانە بکریت، وەك:- پەیوەندییە واتاییەکان و کام شێواز هەڵگری واتای زۆرە، هەروەها کام شێواز واتای پراگماتیکی بەرهەم دەهێنێت و زۆر لایەنی تریش. بەگشتی دەتوانین بەم شێوەیە پێناسەی شێوازناسیی زمانی بکەین:- شێوازناسیی زمانی لەژێرچەتری زانستی زمان لێکۆڵینەوەی شێوازییەکانی خۆی ئاراستەدەکات و هەموو ئەو شێوازە کاریگەر و جوانانەش ئاشکرا دەکات، کە بەهۆی یاریکردن بە کەرەستە زمانییەکانەوە دروستبوونە.

**2/1) شێوازی زمانی**

له سەرەتادا پێویستە ئاماژە بەوەبکەین کە شێوازی زمانی جیایە لەگەڵ شێوازناسیی زمانی، چونکە لە بەشێک لە توێژینەوەکانی پێش ئەم توێژینەوەی ئێمە، هەردوو زاراوە تێکەڵ کراون. شێوازی زمانی خودی شێوازەکە دەگرێتەوە، بەڵام شێوازناسیی زمانی زانستی لێکۆڵینەوەی شێوازی زمانییە. شێوازی زمانی شێوازی قسەکردن یان شێوازی زمانی نووسەر دەگرێتەوە، واتە شێواز لێرەدا (وێنەیەکی زمانییە، زۆر بەوردی هەست و سۆز و بیر و بۆچوونەکانی نووسەر دەگوێزێتەوە)(ئومێد بەرزان،2020: 28). هەموو قسەکەر(نووسەر)ێک شێوازی زمانیی تایبەت بەخۆی هەیە و بەو شێوازە زمانییە دەناسرێتەوە، یان دەکرێ کۆمەڵەیەکی دیاریکراو یان سەردەمێکی دیاریکراو خاوەنی شێوازی زمانی تایبەت بەخۆی بێت، کە خاوەن کۆمەڵە تەکنیکێکە، ئاخاوتنی کۆمەڵێک کەس لە ئاخاوتنی کۆمەڵێک کەسی تر جیادەکاتەوە(محەمەد مەعرووف،2010: 88). شێوازی زمانی هەر کەس یان نووسەرێک خاوەن ڕێگەی تایبەت بەخۆیەتی، کە ئەو ڕێگایانە وای کردووە شێوازێکی زمانی تایبەت بەرهەم بهێنێت.(شێوازی زمانی ئەو ڕێگە تایبەتەی بەکارهێنانی زمانە، کە ئەدیبێک لە ئەدیبەکان یان شاعیرێک لە شاعیرەکان بۆ بەرهەمهێنانی بەرهەمەکەی خۆی پەیڕەوی دەکات، یان بە واتایەکی دی شێوازی زمانی وەکو زاراوە بریتییە لەو ڕێگایانەی شاعیر زمانی تێدا بەکاردەهێنێت)(ئیدریس عەبدوڵڵا،2010: 12-13). زمان و شێواز هەمیشە بەیەکەوە دێن، هیچ دەربڕینێک نیە شێوازی تایبەت بە خۆی نەبێت، جا شێوازەکە کاریگەر و پەسەند بێت یان ناپەسەند و بێ کاریگەری بێت، هەروەها شێواز خاوەن سیستەمێکی پێوانەیی نیە و لە ڕێساکانی زمان لادەدات و یاساکانی زمان دەبەزێنێت(منذر عياشي،2002:94). بەواتایەکی تر دەکرێت بڵێین شێواز نوێنەری زمانە، قسەکەر کە دێتە گۆ و دەئاخڤێت شێوازێک هەڵدەبژێرێت بۆ دروستکردنی کاریگەری، چونکە مەرج نیە هەموو جارێک زمان شێوازی جوان بەرهەم بهێنێت. هەروەک گراهام هاف پێی وایە کە زمان بەرگی بیرە و شێوازیش چۆنیەتی دوورینی ئەو بەرگەیە، هاف بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم هاوکێشەیە، نموونەی بە پێشەکی چامەکەی (درایدن) هێناوەتەوە، کە تیایدا دەڵێت (بەختیاریی شاعیر لەو کاتەدا دەست پێدەکات کە بیرێک دەدۆزێتەوە، بەختیاریی دووەم ئەوەیە چۆن ئەو بیرە دادەڕێژێت، بەختیاریی سێیەمیش ئەوەیە کە چۆن ئەو بیرە دەردەبڕێت و بە وشەی گونجاو دەی ڕازێنێتەوە(کراهم هاف،1985:20).

شێوازی زمانی کۆمەڵێک جۆری هەیە، کە هەر جۆرە و بۆ دەوروبەر و بارودۆخێکی تایبەت بەکاردێت، هەروەها جۆری پەیوەندی نێوان قسەکەران، جۆری شێوازە زمانییەکەش دەستنیشان دەکات، لە بۆنە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکانیشدا شێوازی زمانیی تایبەت بەکاردێت، بۆ نموونە شێواز لە پرسەدا جیایە لە شێوازی قسەکردن لە ئاهەنگگێران، چونکە بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکان جێگیرنین، بۆیە ئەو ناجێگیریە کاریگەری دەبێت لەسەر شێوازی زمانی(ئومێد بەرزان،2020: 280). هەندێکجار کۆمەڵگە بڕیار لەسەر هەڵبژاردنی شێوازی زمانی دەدات، هەندێکجاریش قسەکەر (نووسەر) شێوازی زمانیی خۆی هەڵدەبژێرێت، بەڵام ئەو هەڵبژاردنە بۆ ئەوەی کاریگەربێت، پێویستی بە مەعریفە و سەلیقەی زمانەوانی هەیە، چونکە مەرج نیە هەموو هەڵبژاردنێک بتوانێت ئاراستەی خۆی بگرێت، چونکە(خودی شێواز لە دەرچوون لە ڕێساکانی زماندا بەرهەم دێت ) (ئاوارە کەمال،2020:99). لەبەرئەوە شێوازی زمانی هەر قسەکەر (نووسەر)ێك دەبێتە ناسنامەی ئەو کەسە لەناو

کۆمەڵگەدا. دەبێت ئاماژە بەوەش بکەین کە مەرج نیە هەموو جارێک شێوازی زمانی کاریگەری هەبێت، چونکە دەبێت لەو کاتەی کە قسەکەر شێوازەکەی خۆی ئاڕاستە دەکات، دوو خاڵ لەبەرچاو بگرێت، ئەوانیش (بابەت و وەرگر)ن. بابەت دەبێت گونجاو و شیاو بێت لەو کاتەی کە شێوازەکە دەردەبڕدرێت، چونکە هەندێك جار جۆری بابەت لە بارودۆخێکی دیاریکراو قبوڵکراو نیە، وەرگریش دەبێت لە لەبەرچاو بگیرێت کە ئایا ئەو وەرگرە دەتوانێت شێواز و بابەتەکە وەربگرێت هەم لەلایەنی مەعریفی، هەمیش لە لایەنی کۆمەڵایەتی.

شێواز چونکە لەناو کۆمەڵگەدا بەرهەم دێت، بۆیە هەر کۆمەڵگەشە بڕیار لەسەر ڕەتکردنەوە و پەسندکردنی ئەو شێوازە زمانییە دەدات، ئەگەر شێوازێک لە لایەن کۆمەڵگەوە پەسند نەکرێت، ئەوە قسەکەر دەبێتە مایەی گاڵتەپێکردن(ئومێد بەرزان،2020:281). لە هەڵبژاردنی شێوازی زمانی دەبێت ڕەچاوی کات و شوێن و پەیوەندی و بارودۆخ بکرێت، چونکە مرۆڤ ڕۆژانە لە پەیوەندی و قسەکردندایە لەگەڵ کەسانی دەوروبەری، وەک (هاوسەر، منداڵ، هاوپیشە، هاوڕێ، بەڕێوبەر، مامۆستا، قوتابی...هتد) لەگەڵ هەریەک لەو کەسانە شێوازی زمانیی تایبەت بەکاردەهێنێت، بۆنموونە لەکاتی سڵاوکردن لە مامۆستا، شێوازی زمانی(بەیانیت باش مامۆستا) گونجاوترە لە شێوازی (چۆنی مامۆستا)، ئەمەش بەهۆی ڕەچاوکردنی پێگەی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و تەمەن. دەتوانین بڵێین شێوازی زمانی لە ژیانی ڕۆژانەی هەر کەسێک ڕۆڵ و گرینگی تایبەت بەخۆی هەیە و هەم لە ڕاپەڕاندنی کارەکانی، هەمیش لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا. لە ژێر ڕۆشنایی ئەم بۆچوونانەی سەرەوە دەتوانین بڵێین، شێوازی زمانی بریتییە لە هونەری بەکارهێنانی زمان لە پەیوەندی نێوان ئاخێوەراندا، کە ئەم هونەرەش پەیوەستە بە مەعریفە و سەلیقەی زمانەوانی.

## بەشی دووەم: شێوازی زمانی بە پێی قۆناغەکانی تەمەن

### 1/2)زمان و تەمەن

تەمەن یەکێکە لەو هۆکارانەی کە دەبێتە هۆی دروستبوونی شێوازی ئاخاوتنی جیاواز، لە زۆربەی کۆمەڵگەکاندا ئەگەر دەربڕین و شێوازی زمانی، هاوتەریب نەبێت لەگەڵ قۆناغەکانی تەمەن، دەبێتە مایەی سەرسووڕمان و گاڵتە و سەرزەنشتکردن، واتە بە پێی ڕێسا کۆمەڵایەتییەکان دەبێت قسەکردن و ئاخاوتن ئاوێنەی تەمەن بێت(تەمەن یەکێکە لە کەتیگۆرییە جیهانییە بەکارهێنراوەکان بۆ لێکۆڵینەوە لە هەمەچەشنی زماندا، ئەم کەتیگۆرییەش هەمیشە بە شێوەیەکی ڕەخنەییانە لێکۆڵینەوەی تێدا کراوە و وەک ڕاستییەکی بایۆلۆژی بۆ پۆلێنکردنی قسەکەران مامەڵەی لەگەڵدا کراوە)(شاخەوان جەلال فەرەج،2013 :286). مرۆڤ لە ژیانیدا بە چەندین قۆناغدا تێدەپەڕێت، دیاریکردنی ماوەی هەر قۆناغێکیش بە پێی کۆمەڵناسیی نەوەکان لە کۆمەڵگەیەک بۆ کۆمەڵگەیەکی تر دەگۆڕێت، واتە بە گوێرەی کلتوور و دونیابینیی کۆمەڵگا قۆناغبەندی بۆ قۆناغەکانی تەمەن دەکرێت، بە شێوەیەکی گشتی تەمەنی مرۆڤ بەسەر چوار قۆناغدا دابەش کراوە[1]:

- قۆناغی منداڵی
- قۆناغی هەرزەکاری
- قۆناغی پێگەیشتووی
- قۆناغی پیری(چیمەن نیزامەدین، 2019 :83)

هەندێکجار لە دابەشکردنی قۆناغەکانی تەمەنی مرۆڤ جیاوازی هەیە لە دانانی زاراوە بۆ قۆناغەکان، بۆ نموونە لە جیاتی هەرزەکاری زاراوەی مێردمنداڵی بەکاردێت و لە جیاتی زاراوەی پێگەیشتوویی زاراوەی هەراشی بەکاردێت، وەک ئەم دابەشکردنە:- (قۆناغی منداڵی، قۆناغی مێردمنداڵی، قۆناغی هەراشی، قۆناغی پیری) (شاخەوان جەلال فەرەج،2013 :288).دابەشکردنێکی قۆناغەکانی تەمەن هەیە، کە قۆناغەکانی تەمەن دابەشی سەر پێنج قۆناغ دەکات ئەوانیش:-(منداڵی، هەرزەکاری، گەنجی، کامڵبوون، پیری)(ئالان محەمەد،2015 :30) واتە لە نێوان قۆناغی گەنجی و پیری، قۆناغێکی تری تەمەن دەستنیشان کراوە، ئەمە دید و تێڕوانینی کۆمەڵگەی کوردییە بۆ دیاریکردنی ئەم قۆناغە، هەندێک جاریش پێی دەوترێ (جوامێری).

گوێگر کاتێك قسەکانی بەرانبەر دەبیستێت تا ڕادەیەکی زۆر تەمەنی قسەکەرەکەی بۆ ئاشکرا دەبێت، زمان بە پێی تەمەنی قسەکەر دەگۆڕێت، ئەم گۆڕانە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە زمان بە فێربوون لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەڕوات، هەموو کەس هەست بەوە دەکات کە هەرە پیرەکان وەک هەرە گەنجەکان قسە ناکەن و بۆشاییەکی زمانی لە نێوان نەوەکاندا هەیە(محەمەد مەعرووف فەتاح،2010 :107) هەموو قۆناغەکانی تەمەن ئەگەرچی لە یەک کۆمەڵگەدا دەژین بەڵام ناتوانن سەدلەسەد وەکو یەک بدوێن و قسە بکەن، بۆ نموونە گەنجان و پیران شێوازی ئاخاوتنیان لەیەک جیاوازە، لێکۆلەران پێیان وایە کەلێنە زمانەوانییەکانی نێوان نەوەکان، کەلێنگەلێکە و نەوەکان هەوڵ دەدەن بە زمانی هاوبەش پڕی بکەنەوە(عەبدە ئەلراجحی،2013 :81) تەمەن هۆکارێکە بۆ دانانی پێشناو، کەسێک قسە لەگەڵ کەسێکی بەتەمەن لە خۆی گەورەتر بکات پێشناوەکانی وەک (کاک، دکتۆر، مام، مامۆستا...هتد) بەکاردەهێنێت، هەندێکجاریش کەسانی بەتەمەن لە ئاستی دەنگیدا دەنگیان بەرانبەر بە کەسانی بچووکتر بەرز دەکەنەوە، هەروەها تەمەن هۆکارێکیشە لە هۆکارەکانی تری دیاریکردنی شێوازەکانی ڕەفتار، چونکە وا چاوەڕوان دەکرێت ئەو تاکانەی بە تەمەنن بە زمانێکی ڕێزدارانە قسەیان لەگەڵدا بکرێت و ئەوانەشی تەمەنیان کەمە زیاتر بە زمانی هاندان و پەروەردە قسەیان لەگەڵ بکرێت(ئارام عەبدولواحید،2013 :258) کەواتە تەمەن وەکو یەکێک لە هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵێکی گرینگ لە هەمەجۆریی زمانیدا دەگێڕێت، هەروەکو کۆزمانەوانەکان پێیان وایە کە قۆناغەکانی تەمەن ئاخاوتن و شێوازی قسەکردنیان لەیەکتر جیاوازە، هەروەها زمان لەگەڵ گەورەبوونی تەمەن دەگۆڕێت و کاریگەری لەسەر دەربڕینە زمانییەکاندا دەبێت(ئومێد بەرزان برزۆ،2020 :285) هەر قۆناغێکی تەمەن فەرهەنگی وشەیی تایبەت بە خۆی هەیە، کە قسەکەری قۆناغێکی دیاریکراو لە قسەکەرانی قۆناغەکانی تری تەمەندا زیاتر بەکاریان دەهێنێت. بە شێوەیەکی گشتی تەمەن زۆر جاران شێوازی ئاخاوتن دیاری دەکات و قسەکەر لە کاتی ئاخاوتندا ڕەچاوی تەمەن دەکات، بەڵام ئەگەر لە سنووری تەمەنی خۆی لایدا، کاردانەوەی زمانی دروست دەبێت، بۆ نموونە ئەگەر کەسێکی گەورە بە شێوەیەک قسە بکات لە ئاست تەمەنی ئەودا نەبێت پێی دەڵێن (دەرێ مندارە قسان دەکات) ئەگەر هەرزەکار یان گەنجێکیش قسەی لە خۆی گەورەتر بکات پێی دەڵێن (دەرێ ڕدێن سپییە) لەم توێژینەوەدا ئاماژە بە سێ قۆناغی سەرەکی تەمەن و شێوازی زمانییان دەکەین.

**(1-1/2) شێوازی زمانیی منداڵ**

زمانی منداڵ خاسیەتێکی تایبەتی هەیە لە زمانی تەمەنەکانی تر، چونکە لە سەرەتادا منداڵ هیچ پاشخانێکی زمانی نیە، گەورەکان بە قۆناغی وەرگرتن و فێربوونی زماندا تێپەڕیون ئینجا شێوازەکەیان بەرجەستە بووە، بەڵام منداڵ دەبێت لە سەرەتادا بە قۆناغی وەرگرتنی زماندا تێپەڕێت(دەروونناسەکان گەلێک تیۆرییان خستووەتەڕوو لە پێناو گەیشتن بە دەرئەنجامێکی باوەڕپێکراو سەبارەت بە زمانپژانی منداڵ، کە بریتین لەمانە: تیۆرە بایۆلۆژییەکان، تیۆری فێربوون، تیۆری لاساییکردنەوە، تیۆری زانین. هەریەک لەم تیۆرییانە جەختی لەسەر لایەنێکی دیاریکراو کردووەتەوە و هەندێک لە ڕاستی پێکاوە، بۆ نموونە تیۆری بایۆلۆژی فێربوونی زمان لەلای منداڵ بە شتێکی

بایۆلۆژی دەزانێت، هەرچی تیۆری لاساییکردنەوەشە پێی وایە منداڵ لەڕێگەی لاساییکردنەوەی گەورەکان و کەسانی چواردەورییەوە فێری زمان دەبێت)(بێستون حەسەن ئەحمەد،2013 :110) چۆمسکی ئاماژە بەوە دەکات کە لە مێشکی مرۆڤدا ئامێرێک هەیە بەناوی ئامێری وەرگرتنی زمان، کە ئەرکی وەرگرتنی زمانە و ئەو وەرگرتنەش دوورە لە گیانلەبەر بەڵکو تەنیا تایبەتە بە مرۆڤ (سەلام ناوخۆش،ب،2014 :98) پینکەریش بە پاڵپشتی تیۆرەکەی چۆمسکی و تیۆری پەرەسەندن، تیۆرەکەی خۆی فۆرمەڵە دەکات و پێی وایە زمانی منداڵ لە ئاکامی پرۆسەی هەڵبژاردنی سروشتەوە پەیدادەبێت، منداڵ کە لە دایک دەبێت هەڵگری جینێکی ڕەمەکییە و ئەو جینە شیانی ئاخاوتن و فێربوونی لەخۆگرتووە(سەلام ناخۆش،2020 :154) زۆرێك لە زانایان پێیان وایە قۆناغی منداڵی تاکو تەمەنی 12 ساڵییە و دواتر قۆناغی هەرزەکاری[2] دەست پێدەکات(کەریم شەریف قەرەچەتانی،2016 :6) ، لەم توێژینەوەیەدا ناچینە ناو جیاوازیی زمانی منداڵ بەپێیساڵەکانی تەمەنی منداڵ، بەڵکو بەشێوەیەکی گشتی زیاتر تیشک دەخرێتە سەر شێوازە زمانییەکەی.

زانایان لەو بڕوایەدان کە شێوازی زمانیی منداڵ لە سەرەتادا لە جۆری خۆیەتییە و ئەرکی گەیاندنی پەیامی کۆمەڵایەتی و کارلێککردنی کۆمەڵایەتی نیە، واتە منداڵ زمان وەک کەرەستەیەک بۆ خۆدواندن بەکاردەهێنێت، لە جۆری مۆنۆلۆگی تاکەکەسییە نەک دیالۆگ، چونکە منداڵ لە قۆناغی پێش چوونە قوتابخانە توانای گفتوگۆکردن و ڕاگۆڕینەوەی نیە(کەریم شەریف قەرەچەتانی،ب،2015 :523) منداڵ پێش ئەوەی فێری قسەکردن بێت و هێما زمانییەکان بەکاربهێنێت بە گریان شێوازە زمانییەکەی ئاڕاستە دەکات، بۆ نموونە گریانی برسیبوون جیاوازە لە گریانی ئێش و ئازار، گریانی برسیەتی بەم جۆرەیە:

وووو

اااا

اااا

ءءءء

بەڵام گریانی ئازار بەم جۆرەیە:

و

او

ااو

ااو

اااا

ء ء ء ء (دەیڤید کریستال، 2020 :13 -14). زمانی منداڵ زمانێکە لە ڕووی زمانەوانییەوە لێکسیمی کەمە، بەڵام وشەی زیاترە، بۆیە لێکسیمەکانی زمانی منداڵ فەرهەنگ نابڕن و شوناس دروست ناکەن، زمانی منداڵ شێوازێکە هێشتا فێری درۆی گەورەکان نەبووە، هەندێک لە واتای وشەکانی لە فەرهەنگ نادۆزرێنەوە، بەڵکو لای دایک و باوك خۆی مەڵاسداوە(سەلام ناخۆش،2020 :153 -154) ژینگە و دەوروبەری کۆمەڵایەتی کاریگەریی زۆری هەیە لەسەر شێوازی زمانیی منداڵ (ژینگە بە هەموو ئەو هەلومەرجە دەرەکییە دەگوترێت کە ئەگەری فێربوون و

پەروەردەکردنی کارامەییە زمانییەکان بۆ منداڵ دەرەخسێنێت) (محەمد ڕەزا باتنی،2015 :108) ئەو دەوروبەرە کۆمەڵایەتییانەی کە پەیوەندیی کەم لەگەڵ منداڵدا دروست دەکەن و قسەی پێ دەبڕن، کاریگەریی ڕاستەوخۆ و خراپی لەسەر زمان و شێوازی قسەکردنی منداڵ هەیە، بەڵام ئەگەر منداڵ لە ژینگەیەکی خێزانی گەرمدا پەروەردە بکرێت و بە حەزەوە گوێ لە ئاخاوتنەکانی بگیرێت، ئەوا زمان و شێواز زمانیی منداڵ بەرەو پێش دەبات (هەمان سەرچاوە،110). شێوازی زمانیی منداڵ بەراورد بە شێوازی زمانیی گەورەکان دەکرێت لە چەندین ئاستی زمانیدا تیشکی بخرێتە سەر و بکرێتە تایبەتمەندیی زمانیی ئەم تەمەنە، بۆنموونە لە بەشێک لە قۆناغی منداڵیدا، جیاوازیی دەنگی لە شێوازی زمانیی منداڵدا دەبێتە سیمایەکی جیاکەرەوەی شێوازی زمانیی ئەم قۆناغە، بۆ نموونە دەنگگۆڕکێ بە شێوەیەکی بەرچاو لە شێوازی زمانیی منداڵدا هەیە، وەك گۆڕینی دەنگ بە دەنگێکی تر وەك:-

ر ← ل (تلێ دەخۆم)

گ ← د (دۆشتی دەخۆم)

ك ← ت (تاتە هات)

ش ← س(دەسکێنم) هەندێکجاریش جێگۆڕکێ بە دەنگەکان دەکات وەک:-

ن، ی، ر ← ر، ی، ن (پەرینی دەخۆم) (هاوسەر نەوزاد،2014 :113) هەندێکجاریش دەنگێک لە دەنگەکان دەسوێنێت وەك:- شەربەت ← شەبەت.

قۆناغی منداڵی چونکە سەرەتای قۆناغی ژیانە، بۆیە شێوازە زمانییەکەی دەوڵەمەند نیە بە وشە و زاراوەی زۆر، منداڵ زۆر بە کەمی وشەکانی (سیاسەت، بازرگانی، ململانێ، بیروڕا...هتد) بەکاردەهێنێت، زیاتر ئەو وشانە بەکاردەهێنێت کە لە دەوروبەرییەوە نزیکن و بوونێکی ماددییان هەیە، وەك (دیدە، بابە، دایە، مامە،کێکە..هتد) لە شێوازی زمانیی منداڵان هەندێک وشە هەیە جیاوازە لە هی گەورەکان وەک:-

(عەم) بۆ (خواردن)

(کخە) بۆ ( پیسایی)

(ئووە) بۆ (بریندار‌بوون)

(بڤە) بۆ (ئاگادارکردنەوە)

(بەعە) بۆ (بزن و مەڕ و مانگا)

(دیدە) بۆ (ئۆتۆمبێل) (سەلام ناخۆش،2020 :162).

لە شێوازی زمانیی منداڵاندا لە قۆناغەکانی سەرەتا، منداڵ توانای بەکارهێنانی کردارەکان و مۆرفیمە شکاوەکانی نیە، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە مۆرفۆلۆژیای کردار لە زۆربەی زمانەکانی جیهاندا لە هەموو کەتیگۆرییەکانی دیکە ئاڵۆزترە، بۆیە منداڵ لە سەرەتادا فێری ناوەکان دەبێت و لە شێوازە زمانییەکەی ناو زیاتر ئامادەیی هەیە(بێستون حەسەن ئەحمەد،2013 :114). لە ئاستی ڕستەسازیدا شێوازی زمانیی منداڵ بە چەند قۆناغێکدا دەڕوات، وەک قۆناغی ڕستەی یەک وشەیی، لەم قۆناغەدا کە لەساڵی یەکەمەوە دەست پێدەکات تا ساڵی دووەم بەردەوام دەبێت، منداڵ لەم قۆناغەدا وشەیەک لە جیاتی ڕستەیەک بەکاردەهێنێت، بۆنموونە کاتێک دەڵێت (ئاو) مەبەستی ئەوەیە کە تینوومە و ئاو دەخۆمەوە، هەروەها لە قۆناغی ڕستەی دوو وشەییشدا کە دەکەوێتە نێوان

دوو تا چوار ساڵان، دەتوانێت ئەو ڕستانە دروست بکات کە لە دوو وشە پێکدێن، وەک (بابە هات)، لەدوای تەمەنی چوار ساڵیش قۆناغی ڕستەی تەواو دەست پێدەکات و ڕەچاوی زۆربەی یاساکانی ڕێزمان دەکات (کەریم شەریف قەرەچەتانی،ب،2015 :67-68). هەندێکجار لە شێوازی زمانیی منداڵدا بە هۆی تۆکمەنبوونی سیستەمی ڕێزمانی، یاساکانی ڕێزمان بە تەواوی جێبەجێ ناکات و جێگۆڕکێ بە کەرەستەکان دەکات، وەک:-

- دەچم کن بابەی

- دەخۆم نان زۆر

- دایە ئێرە وەرە

یان بەکارنەهێنانی ئامرازەکانی پەیوەندی وجێناوەلکاوەن، وەك لە ڕستەی (ئاوتێکە). بەڵام لەگەڵ گەورەبوونی، زیاتر سیستەمی ڕێزمانی زمانەکەی لە مێشیکیدا دەچەسپێت و کەمتر هەڵەی سینتاکسی دەکات، بەشێوەیەکە کە تا تەمەنی چوار ساڵان هەندێک هەڵەی سینتاکسی هەر دەمێنێت(بێستون حەسەن ئەحمەد،2013 :115). یەکێک لە سیما دیارەکانی شێوازی زمانیی منداڵ بوونی شێوازی ڕستەی پرسیارییە، بە تایبەتی کاتێک دەچێتە قوتابخانە، منداڵ ڕۆژانە بە چاوەکانی سەدەها دیاردە و شت دەبینێت کە شارەزایی دەربارەیان نیە و حەزی وەڵامدانەوەی لەلا دروست دەبێت (کەریم شەریف قەرەچەتانی،ب،2015 :113)وەک:-

- ئەو شتە چیە؟

-کێ دروستی کردیە؟

بەشێوەیەکی گشتی شێوازی زمانیی منداڵان شێوازێکی ناسک و شیرینە، مرۆڤ حەز بە بیستنی دەکات، چونکە شێوازێکە دوورە لە ڕق و قینە و نائومێدی، هەروەها توێژینەوەکە وای دەبینێت کە شێوازێکە ناتوانێت گوزارشت لە ڕابردووی خۆی بکات و پلان بۆ داهاتوو دابنێت، واتە شێوازێکی زمانی ئێستاییە. زۆر جاریش دەبیستین کە گەورەکان بە مەبەستی خۆ خۆشەویستکردن پەنا دەبەنە بەر بەکارهێنانی شێوازی زمانیی منداڵان، بە تایبەت ڕەگەزی مێ لە پەیوەندی سۆزداریدا.

### 2-1/2)شێوازی زمانیی گەنج

گەنج وەکو توێژێکی کاریگەر و سەرەکیی کۆمەڵگە ڕۆڵێکی گرینگ و بەرچاوی هەیە لە زۆربەی بوارەکانی ژیان، یەکێك لەو بوارانەی کە توێژی گەنج ڕۆڵ و کاریگەری تێدا دەبینێت زمانە. (گەنجێتی لە پێناسەیەکی هاوبەشی جیهانیدا، بە تەمەنی سەرووی 18 ساڵ هەتا سەرووی 28 ساڵ و نزیکی 30 ساڵ دەگوترێت، ئەم قۆناغە بە گوێرەی تێروانینی هاوبەشی جیهانی، لە سەرجەم کۆمەڵگە و کلتوورەکاندا وەکو گرینگترین، بە بەهرەترین، خۆشترین و دڵگیرترین قۆناغی تەمەنی مرۆڤێکە)( موحەمەد ساڵح مەردان،2015 :9) بەڵام ڕایەکی تر هەیە لەسەر دیاریکردنی ساڵەکانی قۆناغی تەمەنی گەنجییەتی، کە پێی وایە تەمەنی گەنجی لە نێوان 18 تا 35 ساڵیدایە(شێرکۆ حەمە ئەمین، ڕێژنە مەعرووف،2013 :31) گەنج لەناو کولتوورە هاوبەشەکەی کۆمەڵگەی خۆیدا، کلتوورێکی تایبەت بە خۆی هەیە، ئەم کلتوورە هەم لە ڕەفتار و هەمیش لە زمانەکەیدا ڕەنگ دەداتەوە، گەنج خاوەنی سلوکێکی تایبەت بە خۆیەتی کە ڕەنگە جیاواز بێت لەگەڵ سلوکی گەورەکان یاخود دیدی گەورەکان بۆ شتەکان (ڕابەر تەڵعەت،2006 :21) ئەو کۆمەڵگەیانەی کە ژمارەی گەنجیان کەمە بە کۆمەڵگەی پیر ناوزەند دەکرێن، بوونی توێژی گەنج لەناو کۆمەڵگەدا هێندە گرینگە وای کردووە زانستی کۆمەڵناسی دەرگای خۆی بە

ڕووی لقێکی دیکەدا بکاتەوە بە ناوی (سۆشیۆلۆژیای گەنج)، ئەم لقەش گرینگی بە بوونی کۆمەڵایەتی ئەم توێژە دەدات(هەمان سەرچاوە،14) ئەوەی پەیوەندی بە توێژینەوەکەی ئێمەوە هەیە بریتییە لە باسکردنی پەیوەندی نێوان گەنج و شێوازی زمانی. بێگومان تەمەنی گەنجێتی ڕەنگدانەوەی هەیە لەسەر شێوازی زمانیی کەسەکان، ئەو ڕەنگدانەوەیە هەم لە هەڵبژاردنی وشەکان و هەمیش لە شێوازی ڕستەکان هەستی پێدەکرێت. گەنجێتی تەمەنی هیوا و خۆزگە و ئاواتەکانە، بۆیە دەبینین گەنج زیاتر شێوازی ڕانەبردوو بەکاردێنن لە ئاخاوتنەکانیاندا، واتە ڕێزمانی ڕانەبەردوو زیاتر ئامادەیی هەیە لە ئاخاوتنی گەنجاندا، وەك:-

- حەز دەکەم ببمە مامۆستا

- دەمەوێت گەشت بکەم

- ئێشەک دەبینمەوە

جگە لەمەش کۆمەڵێک ڕستە و دەربڕینی تر هەن کە زیاتر سیمایەکی گەنجانەیان پێوە دیارە(شاڵاو ساڵح، یوسف شەریف سەعید،2017 :253) وەک:-

- دەڕبی لێدام

- فیلمم سووتاند

- تەقلەی پێ لێدا

- R ی وەرگرت

ئەو وشانەی گەنج بەکاریان دەهێنێت هەندێکجار جیاوازە لەو وشانەی منداڵ یان پیر بەکاریان دەهێنێت، بە تایبەتی ئەو گەنجانەی خوێندەوارن و ژیانی ئەکادیمییان بینیوە، تایبەتتر لە بەکارهێنانی وشە بیانییەکان(گەنجان توێژێکن هەمیشە حەز بە دەرکەوتن دەکەن و مەیلیان بە لای تازەگەرییە، بۆیە دەیانەوێت لە ڕێگەی بەکارهێنانی وشەی بیانییەوە جۆرێک لە خۆدەرخستن پیشانی توێژەکانی تر کۆمەڵ بدەن(ئاریا یاسین،2019 :99). وەک چۆن گەنجان بە داینەمۆی گۆڕانکاری زۆربەی لایەنەکانی ژیان دادەنرێن، زمانیش بەدەرنیە لەو کاریگەرییە، زۆربەی جار گۆڕانیی زمانی لەلایەن توێژی توێژی گەنجەوەیە(کرێستین نۆردێنستام،2009 :42) بەڵام مەرج نیە هەمووجارێك گۆڕانە زمانییەکە ئاراستەیەکی باش وەربگرێت، جاری وا هەیە دەبێتە هۆی تێکدانی زمان و سیستەمی ڕێزمانی زمانەکە، وەك:-

* سێ شت لەو کودستانەی قەت بڕوای لێ مەکە[3]

گەنجان زیاتر کۆمەڵێک وشە و زاراوەی دیاریکراو بەکاردەهێنن بەراورد بە تەمەنی منداڵ و پیری، ئەمەش بە هۆی کاریگەری میدیا و سۆشیال میدیاوەیە، وەکو وشەکانی (پرۆفیشناڵ، ئایدیا، نۆرماڵ، مەسج، چەینج کەلەر، فاینال...هتد (ئاریا یاسین،2019 :100) لە بەرانبەردا توێژی گەنج کەمتر ئاشنایی هەیە لەگەڵ وشە کوردییە پەتییەکان و ئەو وشانەی باب و باپیران بەکاریان هێناوە. توێژینەوەکە وای دەبینێت فەرهەنگی گەنج دەوڵەمەندترە لە فەرهەنگی منداڵ، بەڵام مەرج نیە دەوڵەمەندتر بێت لە فەرهەنگی پیران.

شێوازی زمانیی گەنجان بە شێوەیەکی گشتی شێوازێکی پەسندە لەناو کۆمەڵگەدا، بۆیە کاتێک کەسێکی بەتەمەن وەکو گەنج قسە دەکات پێی دەوترێت (کەسێکی گەنجانەیە)، هەروەها شێوازی قسەکردنی گەنجانە نیشانەی زیندوویەتی ڕووحیەتی گەنجێتییە لەناو دڵ و دەروونی قسەکەردا، تەنانەت لە کۆمەڵگەی ئەمریکی ئاسایە کەسێکی چل ساڵان بە شێوازێک قسە بکات کە زۆر لە خوار تەمەنی خۆی بێت، چونکە پێیان وایە ئەم شێوازی قسە کردنە هانیان دەدات تاکو هەر بە گەنجی بمێننەوە (نایف خرما،1978 :240) هەندێکجاریش دەبینین قسەکەرەکە بە تەمەن گەنجە بەڵام بە هۆی باری دەروونی و کۆمەڵایەتیی تایبەت، ڕەنگە شێوازی قسەکردنی وەکو پیران بێت. تەمەن یەکێکە لەو گۆڕاوە کۆمەڵایەتییانەی کە کاریگەری زۆری هەیە لە دورکەوتنەوە یان بەکارهێنانی هەندێک وشەی تابۆ، هەندێک لە کۆزمانەوانان پێیان وایە بە زیاد بوونی ڕێژەی تەمەن، بەکارهێنانی وشەی تابۆ کەم دەبێتەوە، ئەمەش واتای ئەوەیە گەنجان و لاوان زیاتر وشەی تابۆ بەکاردەهێنن(هێرش کەریم،2024 :73). گشت قۆناغەکانی تەمەن لە ڕووی بایۆلۆژی و جەستەییەوە جیاوازن، لەم ڕووەوە گەنجان خاوەن جەستییەکی پتەوبەهێزن لەبەرئەوە توێژینەوەکە وای دەبینێت بە هۆی ئەم هۆکارە، گەنجان زیاتر لە قۆناغەکانی تری تەمەن شێوازێکی بەرەنگاری و توورەییان بەسەردا زاڵە، وەك:-

- لە حەفت کونانیش بی هەردەیبینمەوە.

- دەبی لۆیان بسەلمێنم.

- دەبی هەر بەو خەمەوەی بمری.

بە شێوەیەکی گشتی شێوازی زمانیی گەنجان شێوازێکی داهاتوویە، وشە و دەربڕینەکانی گوزارشتە لە بنیادنانی داهاتوو، هەندێکجاریش گلەییکردن حاڵی ئێستا، وەک:-

-ئەوە کەی ژیانە!

- کا ئێش؟

-ئەویش پارەی دەوێت.

**3-1/2)شێوازی زمانیی پیر.**

پیری دوا قۆناغی تەمەنی مرۆڤە، لەم قۆناغەدا کۆمەڵێک گۆڕانکاریی جەستەیی و کۆمەڵایەتی بەسەر مرۆڤدا دێت، زمانیش بەدەرنیە لەم گۆڕانە(دەروونناسان پێیان وایە بەساڵاچوو ئەوەیە کە گۆڕانێکی سروشتییە لە ژیانی مرۆڤ و پەرەسەندنێکی فسیۆلۆژییە وەک هەر یەکە لە قۆناغەکانی دیکەی تەمەن، ئەم گۆڕانە لە خانە و شانەکانی جەستەوە سەرهەڵدەدات و دەردەکەوێ)(محەمەد تەها حوسێن،2014 :75) پیری ئەمڕۆکە پێناسەیەکی یاسایی هەیە، بەو تەمەنە دەوترێت کە تیایدا زۆرینەی خەڵک لە کارکردندا خانەنشین دەکرێن(ئەنتۆنی گیدنز،2012 :770) دیاریکردنی قۆناغی پیربوون ڕەنگە لە کۆمەڵگەیەک بۆ کۆمەڵگەیەکی تر جودا بێت، لە دەروونناسیدا بە شێوە و جۆری جیا ئەو قۆناغە دیاری کراوە، هەندێك پێیان وایە لە 65 ساڵی بە سەرەوە دەست پێ دەکات، هی دیکە پێیان وایە لە تەمەنی 63 ساڵی قۆناغی پیری دەست پێدەکات، بەڵام ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان تەمەنی 60 ساڵی بەسەرەوە بە قۆناغی پیری دادەنێت (محەمەد تەها حوسێن،2014 :75) هەروەها قۆناغی پیریش بۆ دوو گرووپ دابەش کراوە:-

گرووپی یەکەم. بە ساڵاچووی چالاک(60 ⟵75)ساڵی دەگرێتەوە

گرووپی دووەم. بەساڵاچووی گەورە(76)ساڵی بە سەرەوە دەگرێتەوە (شێرکۆ حەمە ئەمین، ڕێژنە مەعرووف،2013 :32).

هەر قۆناغێکی تەمەن تایبەتمەندیی زمانی هەیە(هەریەک لەو تەمەنانەی کە تاک پێیدا تێپەڕ دەبێت سیفەتی زمانی خۆی هەیە، تاکەکانی کۆمەڵگە ئەو یاسایانە دەزانن کە لە هەر تەمەنێکدا بەکاردێن، لە کۆمەڵگەی کوردیدا قسەکەر لە کاتی قسەکردندا دەبێت بە گوێرەی تەمەنی خۆی قسە بکات(بەهار زایەر،2009 :74) بەم پێیە شێوازی زمانیی پیران[4] خاوەن کۆمەڵێک ئەدگار و سیمای تایبەت بە خۆیەتی، کە دەکرێت لە هەموو ئاستەکانی زمان ئاماژەیان پێ بکرێت، بۆ نموونە لە ئاستی دەنگسازیدا لە شێوازی زمانیی پیران کۆمەڵێک دیاردەی دەنگگۆڕکێ دەبینرێت، وەک:-

ڕەفعەت ⟵ ڕەعفەت

ئینتەرنێت ⟵ عەنتەرنێت

جەعفەر ⟵ جەفعەر

فەیسەڵ ⟵ فێسەر

هونەر ⟵ حونەر

جومعە ⟵ جوعمە

لە ئاستی وشەشدا کەسانی پیر خاوەن فەرهەنگێکی دەوڵەمەندن، بە تایبەتی ئەوانەی کە ژیانی منداڵ و گەنجییان لە گوند بەسەربردووە، ڕەنگە لەگەڵ نەمانی ئەوان هەندێك وشەش بەکارهێنانیان کەم بێتەوە، چونکە ئەو گەنجانەی دوای ئەوان دێن ژیانی گوندیان نەدیوە و سەروکاریان لەگەڵ کەلوپەل و پێویستییەکانی ئەوسا نەبووە، وەک وشەکانی (قەیناغ، وەرد، شۆ، جەنجەڕ، دەستاڕ، هۆقە، کاریتە، پووزەوانە، مقاش، باول...هتد) ڕەنگە ئەم وشانە زۆر بە کەمی لە زاری گەنجان ببیسترێن، هەروەها توێژینەوەکە وای دەبینێت لە شێوازی زمانیی پیران ئیدیەم زیاتر بەکاردێت بەراورد بە قۆناغەکانی تری تەمەن(ئیدیەمیش دەربڕینێکە واتاکەی جیاوازە لە واتای گشت پارچە و بەشەکانی)(ڕەفیق شوانی،2014 :225) وەک:-

- هەمان تاس و حەمامە!

- سەری ئاشە بنی ماشە.

- خەنجەر لە کایە.

- خوا لە سوڵتان مەحموود گەورەترە

ئەمە جگە لەوەی کە شێوازە زمانییەکەیان پڕە لە پەند و ئامۆژگاری، کەسانی پیر بە هۆی ئەو ئەزموونەی هەیانە شێوازە زمانییەکان زیاتر شێوازی ئامۆژگاری پێوە دیارە، هەروەها زیاتر خۆی لە زمانی دانایان دەبینێتەوە(زمانی دانایانیش ئەو زمانەیە کە پڕی حیکمەت و داناییە، لەگەڵ عەقڵ دەدوێ و قەناعەت دروست دەکا،

جاهیل نەبێ کەس لاری لێی نیە و بەڵگەکانی لای هەمووان قبوڵ و پەسەندن) (ئیدریس عەبدوڵڵا،2020 :42) تەنانەت لە کۆڕی سوڵح و ئاشتەوایی، زیاتر کەسانی بە تەمەن و پیر دەبنە قسەکەری یەکەمی کۆبوونەوەکە، چونکە ئەزموونی ژیان وایانی لێ کردوون شێواز زمانییەکان کاریگەر و قەناعەت پێکەر بێت، وەک لەم نموونەی خوارەوەدا کەسێکی پیر لە دانیشتنێکی ئاشتەواییدا بەم شێوەیە دەست بە قسەکانی دەکات[5]:-

- بە ناوی خوا

- ئەوڕۆ هاتینە لۆ ئیشەکی خێر

- دەمەوێ پێتان بڕێم ئەو ئیشە لە هەر دوو عائیلەی نەدەوەشاوە

- بەس چ بکەین ئەوە قەزا و قەدەرە و دەبێ ڕازی بین بە قەدەری خوا

ئەگەر سەیری ئەو دەربڕینانەی سەرەوە بکەین دەبینین جۆرێك لە هاوسەنگی ڕاگرتنی تێدایە، شێوازی قسەکان بەلای کەسێکدا نەشکاوەتەوە، ئەمەش مەبەست لێی هێنانەدی ئاشتەواییە. توێژینەوەکە وای دەبینێت شێوازی زمانیی پیران لە ئاستی ڕستەسازیدا شێوازێکی سروشتی و بێ گرێوگۆڵە، لەبەرئەوەی کەسانی پیر کەمتر بەرکەوتەیان لەگەڵ میدیا و سۆشیال میدیا هەیە، بۆیە توانیویانە ڕستەسازیی زمانەکەیان بپارێزن، بۆیە جارجار لە لایەن زمانەوانان گوێمان لێ دەبێت کە زمانی کوردی پاراو لە لایەن کەسانی پیر وەک خۆی ماوە و نەشێوێنراوە.

هەندێک جار ڕەنگە بە هۆی جیاوازیی شێوازی زمانیی گەنجان و پیران، سەختی کردەی لێگەیشتن دروست بێت، بە تایبەت لە ئاستی وشەدا، چونکە هەندێک وشە هەن زۆر بەکاردێن لە فەرهەنگی گەنج و بە پێچەوانەشەوە وشەی تر هەن زیاتر ئامادەییان هەیە لە فەرهەنگی کەسانی پیر، کۆمەڵێك وشەمان هەیە لای نەوەی گەنج بەکاردەهێنرێن و نەوەی بیر لە واتاکەیان تێناگات، وەک وشەکانی(ڤایرۆس، تایپ، هاککردن، سکان، ئیمێڵ...هتد) لای نەوەی پیریش بە هەمان شێوە دەبینین چەندین وشە هەن نەوەی گەنج لە واتاکەیان تێناگات، وەک وشەکانی (فرۆ، عدوور، شەقر..هتد) (شێرکۆ حەمە ئەمین، ڕێژنە مەعرووف، 2013 :37) توێژینەوەکە وای دەبینێت شێوازی زمانی پیران زیاتر گوزارشتە لە ڕابردوو، کەسانی پیری زیاتر باسی ڕابردوو خۆیان دەکەن و کەمتر پلانیان بۆ داهاتوو هەیە، واتە پێچەوانەی توێژی گەنجن، کەسانی پیر زیاتر بە ڕێزمانی ڕابردوو قسە دەکەن، وەک:-

- پێشتر خۆشتر بوو!

- وەکو تو بوم دوو عائیلەم بەخێودەکرد.

- هەر تورکە و ساوارمان دەخوارد.

**ئەنجام:**

1. تەمەن وەکو گۆڕاوێکی بەهێزی کۆمەڵایەتی توانای بەرهەمهێنانی کۆمەڵێك شێوازی زمانیی جیاوازی هەیە.
2. لەناو شێوازی زمانیی گەنج، گۆڕانیی زمانی زیاتر بەدی دەکرێت.
3. شێوازی زمانیی منداڵ، شێوازێکی فراوان نیە، ناتوانێت گوزراشت لە داهاتوو و ڕابردوو بکات، تەنیا دەتوانێت گوزارشت لەو شتە بەرجەستانە بکات کە لە دەوربەریدان.

4. شێوازی زمانیی پیر زیاتر ڕەسەنایەتیی زمانی پێوەدیارە، بەهۆی هەبوونی کۆمەڵێك دەربڕینی وەك پەند، ئیدیۆم، وشە ڕەسەن و پەتییەکان.

5. هەندێکجار هۆکاری وەك (تۆڕی کۆمەڵایەتی، گۆڕانی شوێن و شێوازی ژیان، ئاستی خوێندەواری و ...هتد) وادەکەن کردەی سەختی لێکتێگەیشتن لە نێوان گەنج و پیر، بێتەئارا.

## لیستی پەراوێزەکان:

1. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: (کاریگەرییا تەمەنی ل سەر زمانێ پەیوەندی)، چیمەن نیزامەددین،2019، لاپەڕە(83،104،111،123).
2. قۆناغی هەرزەکاری خێراترین قۆناغی ژیانی مرۆڤە، گەشەسەندن تیایدا زۆر خێرا و کتوپڕە، زانایان پێیان وایە قۆناغی هەرزەکاری لەدوای تەمەنی 12 سالی دەستپێدەکات تاکو تەمەنی 18 ساڵی بەردەوام دەبێت، بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە:(سایکۆلۆژیای گەشە هەرزەکاری) کەریم شەریف قەرەچەتانی،،2016 لاپەڕە 6 و 7.
3. توێژەر ئەم نموونەیەی لە ئاخاوتنی گەنجێکی چالاکوانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان وەرگرتووە.
4. مەبەست لە پیرە نەخوێندەوارەکانە.
5. توێژەر ئەم نموونەیەی لە دانیشتنێکی ڕاستەقینەی ئاشتەوایی وەرگرتووە.

## لیستی سەرچاوەکان:

### یەکەم: بە زمانی کوردی


1. ئومێد بەرزان برزو(2020)، توێژینەوە زمانەوانییەکان، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی جنگل، تاران.
2. ئیدریس عەبدوڵڵا (2010)، شێوازوشێوازگەری، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
3. محەمەد مەعرووف فەتاح(2010)، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، کۆکردنەوە و ئامادەکردنەوەی شێروان حسێن خۆشناو و شێروان میرزا قادر، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریان، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
4. ئاوارە کەمال صاڵح (20209)، شێواز لە ڕۆمانی کوردیدا، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ئاوێر، هەولێر.
5. شەعبان چالی (2008)، شێوازی شیعری جزیری، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی خانەی سپیرێز، چاپخانەی حاجی هاشم ، هەولێر.
6. نعمت الله حامد نهێلی(2007)، شێوازگەری، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی خانەی سپیرێز، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
7. ئاریا یاسین عەبدوڵڵا(2019)، شێوازی قسەکردنی ڕۆژانەی گەنجان لە ئەمڕۆدا، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارە(2)، خولی شەشەم، حوزەیرانی 2019، لاپەڕە(99).
8. شێرکۆ حەمەئەمین قادر، ڕێژنە مەعرووف(2013)، کردەی لەیەکگەیشتن لە نێوان دوو نەوەدا لە ڕوانگەی جیاوازیی فەرهەنگییانەوە، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژمارە(30)، ساڵی 2013، لاپەڕە(37).
9. شاڵاو ساڵح حەمەغەریب، یوسف شەریف سەعید(2017)، جۆراوجۆریی زمانی لە کۆمەڵگەی کوردیدا، گۆڤارا زانستێن مرۆڤایەتی یا زانکۆیا زاخۆ، ژمارە(2)، حوزەیرانی 2017، لاپەڕە(253).
10. ئالان محەمەد ئەوڕەحمان(2015)، پەرچە واتا لە بۆتەی کۆزمانەوانیدا، نامەی ماجستێر، فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی.
11. هاوسەر نەوزاد فەقێ ئیبراهیم(2014)، مۆرفۆپراگماتیك لە زمانی کوردیدا، نامەی ماجستێر، فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی.

12. موحەممەد ساڵح مەردان(2015)، گەنج داهاتووی کۆمەڵگە، لە بڵاوکراوەکانی ڕۆژنامەی هەولێر، هەولێر.
13. کرێستین نۆردێنستام(2009)، زمان لە ڕوانگەی ڕەگەزەوە، وەرگێرانی غازی عەلی خورشید، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.
14. ئەنتۆنی گیدنز(2012)، کۆمەڵناسی، وەرگێرانی حەسەن ئەحمەد مستەفا، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
15. بێستون حەسەن ئەحمەد(2013)، وەرگرتن و دەربڕین بە شێوەیەکی پەروەردەییانە لە زمانی کوردیدا، کۆنفرانسی زانستیی ساڵانەی زمانی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.
16. شاخەوان جەلال فەرەج(2013)، تابۆ وەك نموونەیەکی پەیوەندیی نێوان زمان و کلتوور، چاپی یەکەم، چاپخانەی بینایی، سلیمانی.
17. سەلام ناوخۆش(2020)، جێندەری زمانەوانی، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ستایش بۆ چاپەمەنی و سەرپەرشتیی چاپ.
18. کەریم شەریف قەرەچەتانی(2015)، سایکۆلۆژیای زمانی منداڵ، چاپی دووەم، چاپخانەی پیرەمێرد، سلێمانی.
19. هێرش کەریم(2024)، تابوو و جوانبەخشیی لە زمانی کوردیی و فارسیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
20. سەلام ناوخۆش(2014)، زمانی قورئان لە نێوان زمانی دەقی ئیلاهی و زمانی نەتەوەدا، چاپی یەکەم، لە زنجیرە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی کاك شێخ، هەولێر.
21. دەیڤید کریستال(2020)، کورتەیەك لە مێژووی زمان، وەرگێرانی سەربەست جیهاد، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ئاوێر، هەولێر.
22. کەریم شەریف قەرەچەتانی(2016)، سایکۆلۆژیای گەشە(قۆناغی هەرزەکاری)، چاپی دووەم، چاپخانەی پیرەمێرد، سلێمانی.
23. محەمەد ڕەزا باتنی(2015)، دەربارەی زمان، وەرگێرانی ئاکۆ عەبدوڵلا کەریم، چاپی یەکەم، چاپخانەی پەنجەرە، سلێمانی.
24. محەمەد تەها حوسێن(2014)، سایکۆلۆژیای گەشەی مرۆڤ، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی مەحوی، هەولێر.
25. ئارام عەبدولواحید حەحەڕەشید(2013)، ڕێزگرتن لە زمانی کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی لەریا، سلێمانی.
26. چیمەن نیزامەدین مەحموود(2019)، کاریگەرییا تەمەنی ل سەر زمانێ پەیوەنیکردنێ، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی، زاخۆ.
27. ڕەفیق شوانی (2014)، وشەسازی زمانی کوردی، چاپی دووەم، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای هەواڵ، چاپخانەی داودی، کەرکووك.
28. ڕابەر تەڵعەت(2006)، گەنج و بەشداری سیاسی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
29. هێرش کەریم(2024)، تابوو و جوانبەخشیی لە زمانی کوردیی و فارسیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

**دووەم: بە زمانی عەرەبی**

30. منذر عياشي (2002)، الأسلوبية وتحليل الخطاب، طبعة الأولى، مركز الإنماء الحضاري.
31. كراهم هاف (1985)، الأسلوب والأسلوبية، ترجمة كاظم سعدالدين، طبعة الأولى، دار آفاق العربية، بغداد.
32. نايف خرما (1978)، أضواء على الدراسات اللغوية المعاصرة، مجلس الوطني للثقافة والآداب، الكويت.

**به زمانی ئینگلیزی:**

33. Ikenna Kamalu (2023), Stylistics, University of Port Harcourt. https://www.scribd.com/document/695062754/Stylistics
34. Adepoju Babatunji (2024), Linguistic Stylistics, University of Lagos. https://www.researchgate.net/publication/380541866_LINGUISTIC_STYLISTICS.